# گولەبارانی مانگرتنی تاسلوجە، زەنگیك بۆ چینی كریكار

## ریبوار ئەحمەد

سەركوتی خویناوی مانگرتنی كریكارانی تاسلوجەو كوشتاری كریكاران لەلایەن تفەنگچیەكانی یەكیتی نیشتمانی كوردستانەوە، كۆمەلگای كوردستانو ئەحزابی ناسیونالیستی كوردو دەسەلاتەكەیان، لە ئاستیكی تازەدا دەخاتە بەرامبەر یەكەوە. گۆشەیەكی تازە لە ماهیەتی واقعی ئەم دەسەلاتو حیزبانە دەخاتە بەرچاوی خەلك. ئەمانە 13 سالە ژنان بە بەهانەی ناموسپەرستی رەشە كوژی دەكەنو لەولاوە بە لافو گەزافی ئالوگۆر لە یاسا دارزیوەكانو هەراوهوریای (وەكو یەكی مافی ژنو پیاو) خۆلدەكەن چاوی خەلك، فتوای داخستنی شوراكانیان راگەیاندو لولەی چەكیان ئاراستەی بنكەی شوراكان كرد بە بەهانەی ئەوەی دەستی گومان لیكراویان لە پشتەوەیە، بزووتنەوەی بیكاریان سەركوتو رابەرانی بیكارانیان راپیچی زیندانكرد بە بەهانەی ئەوەی كە كۆمۆنیستو ئاژاوەچین، كادرانی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریان قەتلوعام كرد بە بەهانەی ئەوەی پابەندی یاسا نابن.....تاوانكاریەكانی تا ئیستای ئەم حیزبو دەسەلاتانە لە حساب نایەن، بەلام بۆ هەركامیان بەهانەیەكیان داتاشیوە. خەلكی كەلار دامو دەزگاكانی حكومەتیان سوتاندوەو خەلكی هەلەبجەش مینومینتەكە. هەركام لەمانەش بەهانەیەكە بۆ گولەبارانكردنی خۆپیشاندانی خەلكو هۆیەكەشی بە سادەیی ئەوەیە كە "دەستیكیان لە پشتەوەیە".

ئەگەر ئەم بەهانانە تا ئیستا پوچو ریسوابوون، ئەوە گولەبارانكردنی كریكارانی تاسلوجە لەسەر مانگرتن وەكو سەرەتایترین مافی خۆیان، ئەویش لەلایەن پاسەوانەكانی دەسەلاتو حیزبیكەوە كە لافی (سۆسیال-دیموكراتی) لیدەدات، نە بەهیچ بەهانەیەك پاساودەدریتو نە هیچ گومانیك لەسەر ماهیەتی ئەم حیزبو دەسەلاتە دەهیلیتەوە. بەلام لەمەش زیاتر ئەمە زەنگیكی زۆر خەتەرناكە بۆ چینی كریكاری كوردستانو جەماوەری خەلكی مەحرومی ئەم كۆمەلگایە. سالی 1992 كاتیك جەلال تالەبانی فتوای خۆی لە دژی بزووتنەوەی شورایی راگەیاند، هەر ئەوكات منصور حكمت لە وەلامدا هۆشداریكی بە جیگایداو وتی " چینی كریكاری كوردستان دەبی ئەم جۆرە قسانە بە جدی بگریت، ئەم قسانە خۆی تەئكید لە پیویستی جیابونەوەی سیاسی یەكجاری و هەمەلایەنی چینی كریكاری كوردستانی عیراق دەكاتەوە لە ناسیونالیزمو تاقمە ناسیونالیستیەكانو هاتنەمەیدانی بە وینەی هیزیكی سەربەخۆو قودرەتمەندی چینایەتی. مەیدانی سیاسی عیراقو كوردستان روو لە گۆرانو ناجیگیرە، ئەگەر هەلومەرج بە قازانجی دەولەتی مەركەزی وەیان رەوتە میللیەكان لە كوردستان یەكلابیتەوە، یەكەمین قوربانیەكانی كریكارو سۆسیالیزم دەبیت لە كوردستاندا....." پیشبینیەكەی منصور حكمت هەر زوو بەدروست دەرهات، ناسیونالیزمی كوردو دەسەلاتەكەی بەخیرایی كەوتە سەر ئەو دەورەری كە منصور حكمت بۆی پیشبینی دەكرد. ئیستا پەیبردن بەم ماهیەتەی ناسیونالیزمی كورد بووە بە هوشیاریكی گشتی خەلكو جیگای ئەو خۆشباوەریە فراوانەی گرتوەتەوە كە كاتی هۆشداریەكەی منصور حكمت لە ناو خەلكی كوردستاندا بەرامبەر ئەم حیزبانە هەبوو.

بەلام لە خوینهەلكیشانی مانگرتنی كریكارانی تاسلوجە، ئاخرین پەردەی لەسەر واقعیەتی ئەو فتوایەو مەرامو نیەتو سیاسەتی ئەم حیزبانەی بەرامبەر چینی كریكاری لاداوە. مافی مانگرتنو نارەزایەتی دەربرین بۆ كریكاران، سەرەتایترین مافە، ئەگەر ئەم مافەیان لیوەربگیریتەوە، ئیتر هیچ جیاوازیەكیان لەگەل ئەو كویلانە نامینیت كە لە سەدەكانی ناوەراستدا كرینو فرۆشتنیان پیوە دەكرا بیئەوەی مافی ئەوەیان بیت دەخالەت لە مامەلەی كرینو فرۆشتنی خۆیاندا بكەن. ئەگەر كریكار مافی ئەوەی نەبیت لە فرۆشتنی هیزی كاری خۆیدا، مەرجی خۆی بخاتەروو، ئەگەر مافی ئەوەی نەبیت لە پیناو داخوازیەكانی خۆیدا دەستلەكاربكیشیتەوەو پەنا بۆ مانگرتن بەریت، مانای وایە دەبی كۆیلایەتیەكی موتەلەق قەبول بكات. وا دیارە ئەمە نیەتو مەبەستی ناسیونالیزمی كوردو دەسەلاتەكەیەتی بەرامبەر چینی كریكاری كوردستان.

بەلام مافی مانگرتن ئیستا لەسەراسەری دنیادا، وەكو مافیكی سەرەتایی كریكاران بەسەر دەولەتانی بورژوازیدا فەرزكراوە، تەنانەت دەسەلاتە هەرە ئیستبدادیەكانیش، لە وینەی بەعسو جمهوری ئیسلامی، سلكردنەوەیان لەوە هەبووە كە بەم جۆرە زەقو رەقەی دەسەلاتی كوردایەتی گولەبارانی مانگرتنی كریكاران بكەن. هەر لەم كارگەی چیمەنتۆی تاسلوجەیە، لەسەردەمی بەعسدا، كریكاران مانیانگرتوە، بەلام لەلایەن بەعسەوە تەقەیان لینەكراوە. دەسەلاتی داسەپاوی ئیستا بەسەر كۆمەلگای كوردستاندا، دەسەلاتی سەرمایەدارانیكی عەشیرەتیو چاوچنۆكە، تەنانەت پابەندی هیچ پیوانەو قاعیدەو یاسایەكی كۆمەلگای بورژوازیش نابیت. تەنها ئارەزووی تیرنەبووی خاوەن سەرمایە دەسەلاتدارەكان بۆ بەرزكردنەوەی قەلای سەمایەكانیان، حوكم بەسەر چۆنیەتی مامەلە لەگەل كریكاراندا دەكات.

بەدەر لەوەی دەسەلاتی میلیشایی ئەم حیزبانە هەر لە سەرەتاوە چۆن هاتوەو چۆن داسەپاوەو چۆن راگیراوە، تەنها رووداوەكانی ئەم چەند مانگو یەكسالەی رابردوو مامەلەی دەسەلات لەگەل خەلك، بەسە بۆ ئەوەی هیچ شەرعیەتیكی بۆ نەهیلیتەوە. لەم ماوەیەدا خۆپیشاندانی خەلكی كەلاریان گولەباران كرد لەسەر بەرزكردنەوەی چەند خواستی سادەی پەیوەست بە ژیانی رۆژانە، بە بەهانەی ئەوەی دەستیكی ئاژاوەگیر لە پشتەوەی وەستاوە. خۆپیشاندانی خەلكی هەلەبجەیان گولەبارانكردو رابەرانیان راپیچی زیندانی ئاسایش كرد، بە هەمان بەهانە. لە یادی كارەساتی ئەنفالدا دلیان لە تەقینەوەی نارزایەتی خەلك تۆقیبوو، شەقامو گەرەكو بانی شارەكانیان میلیتاریزەكرد بۆ بەرگرتن لە نارەزایەتی خەلك. وەلامی خۆپیشاندانو نارەزیاەتی خەلكی رانیەو قەلادزەو چوارقورنەیان هەر بەم جۆرە دایەوە. سەرئەنجامیش مانگرتنی كریكارانی تاسلوجەیان لە خوینهەلكیشا. كەوایە هەر لە ماوەی ئەم سالەدا كێ مایەوە دەسەلاتی

ناسیونالیزمی کورد چەکی لێرانەکیشێ؟ ئەگەر پاساو و بەهانە پوچەکانیان بە جدی بگیریت، کەوایە کوێ ئەم کۆمەلگایە ماوە کە ئەو "دەستە گومانلیکراوەی" پینەگات؟! تا کەی دەکریت بەم بەهانە ریسواو نەریتە پیسەی بەعس وەلامی خواستە رەواکانی خەلك بدریتەوەو لە جیاتی خواستەکانیان گولەیان بەسەردا ببارینریت؟

لە تالەبانیو بارزانیەوە تا بچوکترین بەریوەبەریان، راشکاوانە دان بەو دزیو راورووتو تالانیو گەندەلیەدا دەنین، کە خۆیانو حیزبو حکومەتیان تیایدا نوقم بوون. هەموو رۆژیك بۆ چاوبەست گفتی بەرپێگرتنی بۆ خەلك هەڵدەرێژن، بەلام هەموو رۆژێك گەندەڵیو ڕاوڕوتیان لەلایەكو وەزعی فەلاکەتباری خەڵکیش لەلایەکی ترەوە پەرەدەسنێ، کەچی تاقە وەلامیشیان بۆ نارەزیاەتیو مانگرتنی خەلك هەر چەکی دەستی ئاسایشو پولیسی پیشمەرگەیە. سەرکوتی خەلكو خواستو ئارەزوەکانی خەلکی کوردستان، بووە بە قۆناغیکی نوێی خەباتو بەرخۆدان و چالاکی هیزی پیشمەرگە.

ئایا هیشتا بواری ئەوە بۆ تالەبانیو بارزانیو سەرانی ناسیونالیزمی کورد ماوەتەوە کە شانازی بە خۆیانو دەسەلاتو حکومەتیانەوە بکەن؟! ئایا بواری ئەوەیان بۆ ماوەتەوە کە لافی بەرقەرای ئازادیو دیموکراسی لە کوردستاندا لیبدەن؟ بەلینە کۆنەکانیان لەگەل کۆنبوندا لەبیرچونەوە، بەلام کوا گفتە تازەکانی بارزانیو تالەبانی لەسەروبەری وەرگرتنی پۆستە تازەکانیاندا، سەبارەت بە ئازادی بیسنورو ئازادی سیاسی؟ کوا فروفیشالو هەراوهوریای رۆژانی پیش گالتەجاری هەلبژاردنی ناوەراستی مانگی دیسەمبەری رابردوو؟ کوا گفتەکانی مسعود بارزانی بەلاوان؟ کوا بەلینەکانی تالەبانی بۆ چارەسەری تالانیو گەندەلی سەراپاگیری حکومەتو حیزبەکەی؟ هەلبەت کارکردی رۆژانەیان وەلامی رۆشنی بە هەموو ئەم پرسیارانە داوەتەوە. چینی کریکارو خەلکی ئازادیخوازی کوردستان دەبی بۆ یەکلاکردنەوەی تەکلیفی خۆیان لەگەل ئەم دەسەلاتە میلیشیاییە ناکۆکە لەگەل ویستو ئارەزوەکانیان، بە فراوانی پیبنینەمەیدانەوە.

ئەوەی لە کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە روویداوە کارەساتیگی گەورەو لە هەمانکاتدا زەنگیکی گەورەیە بۆ چینی کریکارو خەلکی ستەمدیدەو ئازادیخوازی کوردستان. ناسیونالیزمی کورد وەکو بزووتنەوەی سەرەکی چینی بورژوازی لە کوردستاندا، بە خۆیو رابەرانو ئەحزابو پەرلەمانو حکومەتو سەرجەم دامو دەزگاکانیەوە، ناکۆکیەکی قولو لە چارەنەهاتووی لەگەل خواستو ویستو ئامانجەکانی چینی کریکارو جەماوەری زەحمەتکیشو ستەمدیدەی کوردستان هەیە، ناکۆکی قولی لەگەل ئازادیو مافو ئارەزوەکانی ژنانو لاوانو ئازادیو سکولاریزمو پیشکەوتنخوازی هەیە. بەهەر نرخو شیوەیەك بیت دەیانەوێ بەرژەوەندی خۆیان، بەرژەوەندی چینی بورژوازیو سەرمایە بەسەر کۆمەلگادا بسەپینن. تا کاتیك کە بۆیان مەیسەر دەبوو، بەرژەوەندی کۆنەپەرستانەی خۆیان وەکو بەرژەوەندی گشتی خەلکی کوردستان نیشاندەداو بەرژەوەندی خەلکیان کرد بە قوربانی بەرژەوەندی خۆیان، ئیستاش کە بواری فریوکاریو تەفەردانیان بە تەواوی لیبەرتەسك بوەتەوە، مایەی زیاتری خۆیان لەسەر سەرکوتو چەکی هیزی پیشمەرگە داناوە.

چینی کریکارو جەماوەری زەحمەتکیش ئیتر دەبی بە دواکەوتنیکی زۆرەوە پەیامو هۆشداریەکەی منصور حکمت بەدەستەوە بگرن. بە شیوەیەکی یەکجاریو هەمەلایەنە خۆیان لە ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانی جیابکەنەوە، ریزی عەزیمو سەربەخۆی چینایەتیان لە دەوری بەدیلیکی نوێو رادیکال بهینەمەیدانەوە. کۆمۆنیزمی کریکاریو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بەدیلی ئەم هاتنەمەیدانە سەربەخۆیەی چینی کریکارو جەماوەری ستەمدیدەیە.

سەرکوتی مانگرتنی کریکارانی تاسلوجەش دەبی وەلامی دەستبەجێی خۆی وەرگریتەوەو لە ئاستی کۆمەلایەتیدا لەگەل کاردانەوەیەی فراوانی کریکارانو خەلك بەرەورووبیت. ئەم رووداوە یان دەبیتە هەنگاویکی تر بۆ سەپاندنی کۆیلایەتیو بیمافیو خامۆشی بەسەر کریکارانو خەلکدا، یان دەبیتە خالی پاشەکشە پیکردنی ناسیونالیزمی کورد لە بەرامبەر کریکارانو خەلکدا. ئەگەری سیەم لە ئارادانیە. بۆ لابردنی خەتەری ئەگەر یەکەمو مسۆگەربوونی ئەگەری دووەم دەبی چینی کریکار بە نەخشەی رۆشنەوە دەوری پیشرەوایەتی کۆمەلگا بگیرێ. سەپاندنی داخوازیەکانی کریکارانی مانگرتوی تاسلوجە، ئازادی بیقەدوشەرتی سیاسیو مانگرتنو خۆپیشاندانو ریکخراوبوون، لیکۆلینەوە لە تاوانی گولەبارانکردنی مانگرتنی کریکاران بە بەشداری راستەوخۆی نیونەرانی کریکارانو سەرئەنجام دادگایکردنو سزادانی تەقەکەرانو هەموو ئەوانەی دەستیان لەم تاوانەدا هەیە....ئەو خواستە فەوری سەرەتاییانەن کە دەبی بکرینە سەرقافلەی شکلدان بە بەدیلو رەوەندی هەلگیرانەوەی وەزعی سیاسی ئیستای کوردستان بە قازانجی کریکارانو جەماوەری خەلكو ئازادیو ئایندەیەکی شادو بەختەوەر. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بە هەموو توانای لە پیشەوەی ئەم راوەندە راوەستاوەو لە هەنگاو بە هەنگاویکدا دەوری پیشرەو دەگیرێ.